# سەبارەت بە ئەم پیاوە؛ دەستی پڕ لە خێر کرد

لە عبد الله کوڕی ئەبی ئەوفاوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: من ناتوانم هیچ شتێک لە قورئان لەبەر بکەم؛ شتێکم فێر بکە کە بۆ من بەس بێت، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بڵێ: (سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم)*»، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەمە بۆ خوای گەورە -عز وجل- ئەی بۆ خۆم چی بڵێم -چی نزایەک بۆ خۆم بکەم-؟ فەرمووی: «بڵێ: (اللهم ارْحَمْنِي وَارْزُقْنِي وَعَافِنِي وَاهْدِنِي)**»، کاتێک پیاوەکە هەستا؛ بە دەستی ئاماژەی کرد (چونکە سوودی وەرگرتووە)، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سەبارەت بە ئەم پیاوە؛ دەستی پڕ لە خێر کرد». *(واتای زیکرەکان: سبحان الله -پاک وبێگەردە خوای گەورە ودوور وبەریئە لەهەموو عەیب وکەموکورتیەک-، والحمد لله -حەمد وسوپاس بۆ خوای گەورە-، ولا إله إلا الله -هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە (الله)-، والله أكبر -خودا (الله) لە هەموو کەسێک وشتێک گەورەترە-، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم -هیچ هێز وتوانایەکمان نییە مەگەر پاش یارمەتی خوای گەورە باڵادەست وبەرز ومەزن نەبێت یان کەس ناتوانێت یەکێک یان شتێک بگۆڕێت لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر مەگەر پاش ئیزن وتوانای خوای گەورەی بەرز ومەزن نەبێت-)، **(واتە: خودایە؛ ڕەحمم پێبکە وڕزقم پێببەخشە، ولەش ساغ وسەلامەتم بکە، وهیدایەتم بدە)

[حەسەنە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئەگەر کەسێک نەتوانێت هیچ شتێک لە قورئانی پیرۆز لەبەر بکات بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئایا چی بکات؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی ئەعرابیەکەی کرد بەوەی ئەگەر نەیتوانی هیچ شتێک لە قورئانی پیرۆز لەبەر بکات، ئەوا بڵێت: (سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم)*، کاتێک ئەعرابیەکە داوای لێکرد کە نزایەکی فێر بکات بۆ لە کاتی نوێژدا بیخوێنێت؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کرد بۆئەوەی ئەم وشانە -ئەم نزایە- بڵێت کە کۆی هەموو خێرێکی دونیا وقیامەتی تێدایە، ئەویش ئەوەیە بڵێت: (اللهم ارْحَمْنِي وَارْزُقْنِي وَعَافِنِي وَاهْدِنِي)**، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گەورەیی ئەم زیکر ونزایانەی ڕوونکردەوە کاتێک پیاوە ئەعرابیەکە فێریان بوو؛ کاتێک -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (سەبارەت بە ئەم پیاوە؛ دەستی پڕ لە خێر کرد): واتا تووشی خێرێکی زۆر ومەزن بووە.*(واتای زیکرەکان: سبحان الله -پاک وبێگەردە خوای گەورە ودوور وبەریئە لەهەموو عەیب وکەموکورتیەک-، والحمد لله -حەمد وسوپاس بۆ خوای گەورە-، ولا إله إلا الله -هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە (الله)-، والله أكبر -خودا (الله) لە هەموو کەسێک وشتێک گەورەترە-، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم -هیچ هێز وتوانایەکمان نییە مەگەر پاش یارمەتی خوای گەورە باڵادەست وبەرز ومەزن نەبێت یان کەس ناتوانێت یەکێک یان شتێک بگۆڕێت لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر مەگەر پاش ئیزن وتوانای خوای گەورەی بەرز ومەزن نەبێت-)، **(واتە: خودایە؛ ڕەحمم پێبکە وڕزقم پێببەخشە، ولەش ساغ وسەلامەتم بکە، وهیدایەتم بدە)